

# بەشداریی ئافرەت
# لە ناوەندی بڕیاری سیاسی و پەروەردەیی

**«گرووپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستان» و «ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی» بە پاڵپشتی «ڕێکخراوی MPA»ی نەرویجی بۆ ماوەی یەك ساڵ پرۆگرامێکیان سەبارەت پرسی بەشداریکردنی ئافرەت لە ناوەندی بڕیار و هێنانەکایەی هاوسەنگی ڕەگەزی ڕاگەیاند. ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردووش -ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ - لە هۆتێل ڕۆتانا-ی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی دوو لێکۆڵینەوە دەربارەی بەشداریی ئافرەت لە ناوەندی بڕیاری سیاسی و پەروەردەیی دانیشتنێکیان ساز کرد. گۆڤاری گوڵان بە پێویستی زانی ڕاو سەرنجی چەند کەسایەتی بەشداربووی دانیشتنەکەی سەرەبات بە ئەنجامی ئەو گردبوونەوەیە وەربگرێت.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، گرووپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستان و ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی بە هاوکاری ڕێکخراوی NPA نەرویجی بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی دوو لێکۆڵینەوە دەربارەی بەشداری ئافرەت لە ناوەندی بڕیاری سیاسی و پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان، دانیشتنێکیان ساز کرد کە ژمارەیەك لە بەرپرسانی سیاسی و ئیداری و کەسایەتی ئەکادیمی و ڕۆشنبیر ئامادەی بوون.

**پەخشان زەنگەنە بەرپرسی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە ئامادەی دانیشتنەکە بوو، تایبەت بۆ گوڵان گوتی:** «ئەو دەرەنجامانەی خرانەڕوو واقعەکەمان پێدەڵێ و فیعلەن ئەوە واقعەکەیە کە ژن بەشدارە، بەڵام زۆر دوورە لەوەی هاوبەش بێ، نموونەی بواری پەروەردەیە کە لە چاو بوارەکانی دیکە ڕێژەیەکی زۆری ژن تێیدا بەشدارە، ئینجا ئەوە ئەنجامەکەیەتی، ئاخۆ دەبێ لە بوارەکانی دی ژن چەند بێبەش بێ. لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکاندا دوو لە سەدیش ژنیان تێدا نییە، بەڵام بۆ پەرلەمان ڕازی بوون ٣٠٪ی بە ژن بدرێت، ئەو بارودۆخ و دەرەنجامە هیچ کات ڕامانناهەژێنێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ژنەکان لە حزبەکاندا ڕێژەیەکیشیان هەیە، ئەوا نابنە مایەی دڵخۆشی، چونکە لەناو حزبدا خاوەن هیچ بڕیارێك نین، پێویستە چاوێك بە حاڵی خۆماندا بخشێنینەوە، لە کاتێکدا ڕۆژ تا ئێوارە باس لە دیموکراسی و شەفافیەت و پێشکەوتن دەکەین، من پێش هەموو



کەس یەخەی حزبەکان دەگرم، چونکە وەك دەبینین بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا حزب هەموو شتێکە و حزب تاکەکان دەنێرێتە حکومەت و پەرلەمان و پۆستەکانی دیکە، بۆیە پێویستە حزبەکان پێداچوونەوەیەکی جددی بکەن بە مەنهەج و سیاسەت و رەفتاریان لەگەڵ ئەو هاورێ ئافرەتانەی لەناو حزبەکاندان. بەرنامە هەیە بۆ چۆنیەتی پەرەپێدانی ژن تاوەکو بتوانێ سوود لە دەرفەتی یەکسان وەربگرێ، ئێمە سیستەمی دەرفەتی یەکسانمان هەیە بۆ هەردوو رەگەز، بۆ نموونە کچ و کوڕ داواکاری پێشکەشی پرۆژەی تواناسازی بکەن، بەڵام چەند ئامادەکاری بۆ ژن کراوە کە ئاسانکاری بێت بۆ چوونە دەرەوە و سوودوەرگرتن لەم پرۆژەی تواناسازییە؟

**د. نازناز محەمەد کەسایەتی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ، کە ئەویش لە دانیشتنەکەدا بەشدار بوو، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:** «خستنەڕووی ئەو داتایانە سەبارەت بە پێگەی ئافرەت لە مەواقعی بڕیارسازیدا دوو لێکۆڵینەوەی زۆر رێکوپێك بوون، راستییەکی زۆر تاڵیان خستەڕوو کە بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی رێژەی قوتابیانی کچ ٥٠ بە ٥٠ یە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر، بەڵام کە دێتە سەر دابەشکردنی شوێنی بڕیار و پۆست و پلە و پایە رێژەی ئافرەت زۆر زۆر کەمە و یەك لەسەر پێنجی مەواقعی بڕیار بۆ ژنە، تەنانەت لە هەندێك پۆستدا بەشداری ئافرەت بوونی نییە و رێژەکەی سفرە، لە کۆی ٣٠ زانکۆی ئەهلی و حکوومی یەك ئافرەتی سەرۆك زانکۆمان نییە، تەنانەت لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردە یەك ئافرەتی تێدا نییە، جگە لە مەراکزە سیاسییەکانی دیکە، جگە لەوەی بەشداری ئافرەت وەکو پارێزگار، قائیمقام، بەڕێوەبەری ناحیە، یان هەر نییە، یان زۆر زۆر کەمە، ئەوەش زەنگێکی مەترسیدارە کە تاوەکو ئێستا لە کەلتووری ئێمە و لە عەقڵییەتی ئەحزابە سیاسییەکان هەیە کە پیاو بەڕێوەی دەبات و هەر لەسەر ئەو رێچکەیە دەڕۆن کە دەبێ ژن لە مەواقعی خوارەوە کاری بەردەستی و کاری بچووکی پێ راسپێردرێت، شوێنە قیادی و بڕیارسازەکان دەبێ لە دەست پیاو بێ، بۆیە تەنیا چارەسەر بۆ ئەوەی ئەو بارە ناهاوسەنگە راست بکرێتەوە، پێویستە پەیڕەوی لە سیستەمی کۆتا بکرێ لەگەڵ قاعیدەی تەمییزی ئیجابی، ئەگەر ئەم دوو شتە رەچاو بکرێ، بۆ ئەوەی سوود لەو هەموو توانا و وزەی ژنان و کچان وەربگرین کە هەیانە».


لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا گەشبینی بە هەڵکشانی رێژەی بەشداری ئافرەت لە ناوەندەکانی مەعریفی و ئەکادیمی، د. نازناز محەمەد گوتی: «ئەوەیان پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسی ئەحزابەکان لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە فشاری خودی ئافرەتانی رۆشنبیر و ئەکادیمی کە بتوانن ئەو فشارە لەسەر حزبەکەیان دروست بکەن، جگە لەوەی گفتوگۆکانی ئەم دانیشتنە و خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکان جۆرێکە لە فشار و فەزحکردنێکە بەڕاستی ئاشکراکردنی راستییەکانە و پێویستە دامانچەڵەکێنێ کە ئەو هەموو کەموکوڕییەمان زۆر بە ئاسایی بەسەردا تێپەڕیوە و بۆ لەمەودوا پێویستە رێگە نەدەین بەسەرماندا تێپەڕێ، ئەو کارەش هەم لە ئەستۆی ژنە، کە دەکرێ ژن خەم لەخۆی بخوا، لە هەمان کاتیشدا لە ئەستۆی پیاوانی رۆشنبیر و دڵسۆزی ئەم وڵاتەیە لە سەرووی هەمووشیانەوە لە ئەستۆی ئەحزابەکانە لە کاتێکدا بانگەشەی عەلمانیەت و پێشکەوتن و سۆشیالیستی و چەپایەتی و دیموکراتییەت دەکەن.

**لە لای خۆیەوە د. چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان گوتی:** «گرووپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستان و رێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی بە پاڵپشتی رێکخراوی MPA نەجەرویجی بۆماوەی یەك ساڵ پرۆگرامێکیان سەبارەت پرسی بەشداری کردنی ئافرەت لەناوەندی بڕیار و هێنانەکایەی هاوسەنگیی رەگەزی راگەیاند. یەکێك لەو پرۆگرامانەی کە گرووپەکەمان (گرووپی ئاشتی ژنانی سەرکردەی کوردستان) کە من ئەندامێکی ئەو گرووپەم، لەگەڵ هاوبەشەکانی پێی هەستا، ئەنجامدانی چەندین دانیشتن و وۆرکشۆپ بوو لەگەڵ خانمان و خەڵکی پسپۆڕ لەسەر ئاستی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی چەسپاندنی مافی ژن و زەمانەتکردنی بەشدارییان لە ئیدارەی وڵات لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، دووەم کاری گرووپ کە ئەمڕۆ — رۆژی دانیشتنەکە- پێی هەڵساین، خستنەڕووی ئەنجامی ئەو دووراپۆرتە لێکۆڵینەوەیە بوو لەسەر رەوشی یەکسانی رەگەزی لەناوەندی سیاسەتی پەروەردە و خوێندنی باڵادا، راپۆرتی دووەمیش لەسەر رەوشی ئافرەت لە ناوەندی بڕیاردا بوو. ئەو دوو راپۆرتە بەرهەمی کاری دوومانگی کارکردنی ستافی ئامادەکار و سەرپەرشتیاری گرووپەکەمانە. مەبەست لەو کارە خستنە رووی واقیعی بەشداریکردنی ئافرەتە بە ژمارەی راستەقینە کە لە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت وەرگیراون، لە ناوەندی بڕیار و پێگەکانی دەسەڵات بەگشتی و ناوەندی پەروەردەیی و خوێندنی باڵا، کە بەداخەوە ئەنجامەکان جێگای دڵخۆشی نین. لەو دانیشتنەدا بانگهێشتی ژمارەیەکی بەرچاو لەو بەڕێزانە کراوە کە لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و ئیداری و ئاکادیمی پێگەی باڵایان هەیە، بەو ئومێدەی پرسی بەشداری ئافرەت و ئەو لاسەنگیەی کە هەیە راست بکرێتەوە .»




د. چنار سەعد عەبدوڵڵا:

**لەو دانیشتنەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەو بەڕێزانە بانگهێشت کران کە لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و ئیداری و ئاکادیمی پێگەی باڵایان هەیە، بەو ئومێدەی پرسی بەشداری ئافرەت و ئەو لاسەنگییەی کە هەیە راست بکرێتەوە**



پەخشان زەنگەنە:

**لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکاندا دوو لە سەدیش ژنیان تێدا نییە، بەڵام بۆ پەرلەمان رازی بوون ٣٠٪ی بە ژن بدرێت**



د. نازناز محەمەد:

**لە کۆی ٣٠ زانکۆی ئەهلی و حکوومی یەک ئافرەتی سەرۆک زانکۆمان نییە، تەنانەت لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردە یەک ئافرەتی تێدا نییە**

# بەشووودانی کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ ڕێژەی مردنی دایکی دووگیان زیاد دەکات

**هاوسەرگیریی پێش وەخت حاڵەتێکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی مرۆییە بە کۆمەڵگەی کوردیشـەوە، چالاکوانانی ئەو بوارەش رایانوایە هاوسـەرگیریی منداڵان ڕێگە لە سـادەترین پێداویسـتییەکانی ژیانیان دەگرێت، نموونەی بەرجەسـتەی وازهێنانە لە خوێندن و دواکەوتنە لە گەشەی هزری، ئەوەش جگە لەوەی تەندروستی و گەشەکردنیان دەخاتە مەترسییەوە، هاوکات تواناکانیان لاواز دەکات و ناتوانن بـە ئاسـانی لەسـەر داهاتووی ژیانیـان بڕیار بدەن. ئەمە پرسـێکی قووڵی کۆمەڵایەتییە و گۆڤاری گوڵان بە پێویستی زانی کارێکی مەیدانی لە سەر بکات، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش لە سەر ئەو بابەتە راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**



ساڵی رابردوو وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای پرس و را لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی و دەستەی دادوەری و سەرۆکایەتی دادگا و ئەندامانی لیژنەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان، چەند رێنماییەکی سەبارەت بە گرێبەستی هاوسەرگیری و مارەبڕین و تەڵاق لە دەرەوەی دادگاکانی کوردستان دەرکرد. یەکەم رێنمایی ئەو راگەیاندراوە بریتیی بوو لەوەی کە «هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری بۆ منداڵ و مێردمنداڵ و ئەو کەسانە ئەنجام نادرێت، کە نەگەیشتبنە تەمەنی باڵغبوون و تەمەنی١٨ساڵیش بە باشترین تەمەنی باڵغبوون هەڵبژێردراوە.»

لەلای خۆیەوە راوێژکاری رێکخراوی «یو پی پی» ئیتاڵی، باس لەوە دەکات کە لە جیهاندا زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن ئافرەت بە منداڵی چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە، تەنانەت لە نێو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە٧٠٠ حاڵەتی هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا تۆمار کراون.

قاسم عەزیز سەرۆکی رێکخراوی ژیانی تەندروستی، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی زیانی تەندروستی زۆری هەیە و کاریگەری دەروونی خراپیشی بەتایبەتی لە سەر کچان دەبێ. هەر سەبارەت بەو پرسە گوتی: «رێکخراوەکەمان لە رێگای سێ ناوەندی تایبەت بە ئافرەتانەوە کاری زۆری لەسەر ئەم بابەتە کردووە و هەفتانە لە رێگەی پزیشکی ئافرەتان و توێژەری کۆمەڵایەتییەوە ئافرەتان لە مەترسییە گەورەکانی ئەم دیاردەیە ئاگادار دەکەینەوە، هەروەها لە رێگەی نۆرینگە تایبەتییەکانمانەوە مانگانە لەلایەن پزیشکە پسپۆڕەکانمان

ئافرەتان لە حاڵەتی هاوسەرگیری پێشوەخت ئاگادار دەکرێنەوە، وێڕای ئەوەش بەردەوام ئافرەتان لە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە هۆشیار دەکرێنەوە، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی گیان لەدەستدانی دایکانی دووگیان.»

سەرۆکی رێکخراوی ژیانی تەندروستی ئەوەشی خستەڕوو کە «بەپێی توێژینەوەکان (٤٠٪)ی مردنی ئافرەتانی دووگیان لەوانەن کە پێش ١٨ساڵی بەشوو دراون، گوتیشی: «هەر بەپێی توێژینەوەکان و ئەوەی ئێمە سەرنجمان داوە، لە رێگەی نورینگەکانی تایبەت بە ئافرەتانەوە دۆخی خراپی ئابووری یەکێکە لە هۆکارە دیارەکانی ئەم دیاردەیە.»

پەرلەمانتار کەژاڵ هادی فەقێ جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی لە رووی یاساییەوە قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی لەو تەمەندا شێوازێك لە پێگەیشتن و کامڵبوونی ئەقڵی دروست نەبووە، بۆیە یاسا رێگە بە هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی نادات، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا کە لە دەرەوەی دادگا و لە رێگەی مەلاکان مارەبڕین ئەنجام دەدرێ، ئەوا دادگا ناچار دەبێ، گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە تۆمار بکات.» گوتیشی: «لە خولی رابردووی پەرلەمان بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە کاری زۆر کرا و بە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی هەوڵی رێگریکردن لە هاوسەرگیریی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ دراوە، لە خولی ئێستاشدا لە بەرنامەی کارماندایە کە بە بڕگەیەك لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە زیاد بکەین، گەرچی کۆمەڵێ مادده و بڕگەی ئەو یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردن و گرفت بۆ لایەنی جێبەجێکار درووست دەکات، بەڵام بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و چەند رێکخراوێك دەمانەوێ ئەو یاسایە هەموار بکەینەوە، ئێمەش یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە بەردەستماندایە و دەمانەوێ هەمواری بکەینەوە.»

وەك ئەو پەرلەمانتارە باسیکرد، بەپێی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هاوسەرگیریی منداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ نایاساییە و لە تەمەنی ١٨ ساڵەوە کچ بە رەزامەندیی دایك و باوکی رێگەی پێ دەدرێت هاوسەرگیری بکات.

د. سەبریە خدر پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی، سەبارەت بە هەمان پرس جەخت لەوە دەکاتەوە کە زوو شووکردنی کچان لە رووی جەستەییەوە مەترسیدارە، چونکە «زۆرجار بە هۆی بچووکی تەمەن منداڵبوونیان دوادەکەوێت و لە دەرەنجامی بە کارهێنانی دەرمانی زۆر و خۆدانە دەست دکتۆر و دەرزی و دەرمان تووشی موزاعەفات دەبن، کە دووگیانیش دەبن منداڵدانیان بە باشی گەشەی نەکردووە، رەنگە تووشی لەبارچوون ببن، هەروەها لە کاتی منداڵبووندا بەرگەی ژانی منداڵبوون ناگرن و دووچاری نەشتەرگەری دەبنەوە، هەروەها دوور نییە منداڵبوونەکە بە گیان لە دەستدانی دایکەکە کۆتایی پێ بێت، ئەوانە و کۆمەڵێ گرفتی دیکەی لابەلا دووچاری ئەو تەمەنە دەبێتەوە.» گوتیشی: «زانستی پزیشکی ئەوەی دەرخستووە کە باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری و دووگیانبوون تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ساڵییە.»

توێژەری دەروونی پاوان حەمەدەمین جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا هاوسەرگیری پرۆسەیەکی گرنگە لە ژیانی هەر کچ و کوڕێك، بەڵام رایوایە «بەشوودانی کچ دەبێت لە تەمەنیکی گونجاودا بێت، واتە کچەکە لە رووی جەستەیی و ژیرییەوە تەواو ئامادە و پیگەیشتوو بێت، بەڵام لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بەهۆی ئەوەی کچەکە جەستەیەکی کامڵ و پێگەیشتووی نییە، رەنگە نەتوانێ منداڵێکی تەندروست و پێگەیشتوو بهێنێتە دنیا، زۆربەی ئەو دایکانەش لە بەر ناشارەزایی لە بواری منداڵداری و دایکایەتی، بەرگەی ئازاری سکپڕی و منداڵبوون ناگرن و دەمرن، جگە لەوەی لە رووی دەروونیشەوە کە تەواو پێنەگەیشتوون و زانیاری تەواویان لە سەر ئەم پرۆسەیە نییە، چونکە مرۆڤەکان کە دەگەنە تەمەنی نەوجەوانی کومەڵێك گۆڕانکاری دەروونی و فیسیۆلۆژی روویان تێدەکات، بۆیە پێویستە لەسەر خێزان هاوڕێ و کەسانی نزیکی کە رێنماییکەری بن و گوێی لێبگرن، بەتایبەتی لە کاتی بیرکردنەوەیان لە هاوسەرگیری زۆر پێویستە رێنمایی بکرێن و لە کاریگەرییە خراپەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت ئاگاداریان بکەنەوە .

د.رێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وتەیەکدا رایگەیاندوە: «دیاردەی بەشوودانی پێشوەختە هەروەك لە راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتووە، دیاردەیەکی جیهانییە، بەتایبەتی لە وڵاتە هەژار و تازە پێگەیشتووەکان زیاتر دەردەکەوێت، ساڵانە زیاتر لە ١٤٠ ملیۆن بەشووودانی منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ لەجیهان تۆمار دەکرێت و لەو ژمارەیەش زیاتر لە ٥٠ ملیۆنی لە تەمەنی زۆر بچوکی خوار ١٥ ساڵییە، بەمەش رۆژانە ٣٩ هەزار منداڵ لەجیهان بەبێ ویست و تێگەیشتنی خۆیان و بەناچاری بەشوو دەدرێن.»

وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان باسی ئەوەشی کردوە کە بە گوێرەی زانیاری بەردەست رێژەی بەشووودانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان (زوو بەشووودان) ٢٣،٤٪ـە و بەشووودانی خوار تەمەن ١٥ ساڵ ٤٪ـە. گوتیشی: «پێویستە بەگژ ئەو دیاردەیەدا بچینەوە، چونکە بەشووودانی منداڵ گەورەترین توندوتیژی و پێشێلکارییە دژ بە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتی مافەکانی منداڵ، پاراستنی مافی منداڵ و رێگە نەدانیش بە دەستدرێژیکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەرکی تەواوی کۆمەڵگەیە، هەموومان بەرپرسین لە راگرتنی ئەو پێشێلکارییە، بەتایبەتی کە بەشوودانی پێشوەختە، کاریگەری زۆر خراپی جەستەیی و دەروونی و سۆزی دەبێت لەسەر منداڵی بەشوودراو، رێگە دەگرێت لە پێگەیشتن و کامڵبوونی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی بۆ ئامادەبوونی بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی دوای شووکردن، لەبەر ئەوە رێژەی تەڵاقدان و توندوتیژی و نەگونجان و گرفتەکانی خیزان زۆر زیاتر و قورستر دەبێت. زوو بەشوودان دەبێتە هۆی زیاتربوونی رێژەی مردنی دایکی دووگیان، ئەو دایکانەی تەمەنیان لەخوار ١٨ ساڵە و دووگیان دەبن، مەترسیی مردنیان چەند جار زیاترە لە دایکان کە لە تەمەنی سەرووی ١٨ ساڵەوە شوویان کردووە، هەروها رێژەی مردنی منداڵی ئەو دایکانەی خوار تەمەنی ١٨ ساڵن بە رێژەی ٥٠٪ زیاترە لە منداڵی ئەو دایکانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵە . ئەو دوو بابەتە مردنی دایکی دووگیان و مردنی منداڵ، دوو نیشاندەری زۆر گرنگی باری تەندروستی هەر کۆمەڵگەیەکن، هەر بۆیە لە ئامانجەکانی هەزارەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە لیستی ئامانجەکان لە ئامانجی ژمارە ٤ و ٥ جێگیرکراوە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی مردنی دایکی دووگیان و منداڵان . لە هەرێمی کوردستان رێژەی مردنی دایکی دووگیان ٢٤،٩٪ و مردنی منداڵی خوار تەمەن یەك ساڵ ٣٢٪ـە».

**بەشووودانی منداڵ گەورەترین توندوتیژی و پێشێلکارییە دژ بە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتی مافەکانی منداڵ، پاراستنی مافی منداڵ و رێگە نەدانیش بە دەستدرێژیکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەرکی تەواوی کۆمەڵگەیە**

**رێژەی مردنی منداڵی ئەو دایکانەی خوار تەمەنی ١٨ ساڵن بە رێژەی ٥٠٪ زیاترە لە منداڵی ئەو دایکانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵە**

**زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن ئافرەت بە منداڵی چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە،**

**هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی لە رووی یاساییەوە قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی لەو تەمەندا شێوازێک لە پێگەیشتن و کامڵبوونی ئەقڵی دروست نەبووە، بۆیە یاسا رێگە بە هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی نادات**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# قوربانییەکی ئەویندارى

## بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە

**لە دێرزەمانەوە «خۆشەویستی» لە ناو زۆربەی کۆمەڵگەکان هێمای ئەویندارییەکی پاك و بێگەرد بووە، زۆربەی میللەتانی دنیاش چیرۆك و چەمە و هۆنراوەی زۆریان لەسەر عاشقانی وڵاتی خۆیان هەیە، کوردیش لەو بوارەدا بەشی خۆی هەیە و شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ و مەم و زین و ....تاد، نموونەی ئەو ئەویندارییە بێخەوشەن. بەڵام لەم سەردەمەدا ئەو چەمکانە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەلاڕێدابردنی ئەو ئەویندارییە بێگەردانە چیرۆکی دڵتەزێن و چەندین قوربانی لێکەوتووەتەوە. یەکێك لەو قوربانییانەش بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەخاتەڕوو.**

**مێردەکەم هەتا مارەی نەکردم بۆ یەکجاریش دەستی منی نەگرت. نازانم ئەو کەرامەت و پاکییە بۆچی ئەشێ سزاکەی مەرگ بێت؟ ئەوە کەی ویژدانە خۆشەویستی تاوان بێت و کوشتن ببێتە تۆمەت و سوڵحی لەسەر بکەن؟**

شەوبۆ ئافرەتێکی تەمەن ٣٩ ساڵ و دایکی سێ منداڵە، بەڵام نە هاوسەری هەیە و نە دەتوانێ لە سۆزی منداڵانی چێژ وەربگرێ. ئەو خاتوونە لە گۆشەی ژوورێکی خانەی داڵدەدانی ئافرەتان، بە رۆژ و بە شەو بەردەوام بیر لە رابردووی خۆی دەکاتەوە و یادی منداڵەکانی چاو بە فرمێسکی دەکات.

شەوبۆ خۆی بە قوربانیی ئەویندارییەکی بێخەوش دەزانێت و سەرەڕای ئەوەی لە رابردووی خۆی پەشیمان نییە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر جارێکی دیکەش ژیانی بۆ رابردوو بگەڕێتەوە، ئەوا هەمان چارەنووسی هەڵدەبژارد. ئەو دایکە بە زمانێکی سادە و ساکار بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە و هیوا بەوەش دەخوازێ، خۆی گوتەنی پەیامێکی بۆ باوکان و ئەو خێزانانە هەبێت کە بە نەزانی و کاڵفامی چارەنووس و بەختی کیژی خۆیان رەش دەکەن.

«هێشتا منداڵ بووم و تازە خۆم ناسیبوو، کەچی داواکار و خوازبێنیکارم لە دەرگای ماڵیان دەدا و بە خزم و کەسوکار و بێگانەوە بەرۆکی باوکمیان دەگرت و داوای منیان بۆ کوڕی خۆیان دەکرد. کچێکی بەرچاو بووم. هەر لەبەر ئەوەش باوکم لە قۆناخی ناوەندی لە خوێندن بێبەشی کردم و منی کرد بە کچی ماڵەوە. ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ باوکی منداڵەکانم کە ئەو کات هاوگەڕەکی خۆمان بوو، نامەی دڵداریمان گۆڕییەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا هەرگیز پەنجەی دەستمان بەر یەك نەکەوت. ئەو خۆشەویستییەمان زۆر پاك و بێگرێ بوو. هەموو هیوایەتمان ئەوە بوو رۆژێك بە ئاسوودەیی لە ناو ماڵی خۆمان بژین. مامێکم و باوکم رێککەوتبوون لە سەر ئەوەی من لە کوڕە مامم مارە بکەن. چی خوازبێنیم بهاتبایە، باوکم دەیگوت: کچم مارەبڕی کوڕە مامیەتی. منیش کۆرە بام و کوڕە مامەکەم نەدیتبا، ئەوەندە رقم لێ بوو. ماڵی یاسین -ی باوکی منداڵانم چوار جار هاتنە خوازبێنیم، باوکم هەر رازی نەبوو. من و یاسین بەڵێنمان دابوو، یان بۆ گۆڕ بین، یان بۆ یەکتری، بەڵام تەمەنم تازە بووە ١٧ ساڵ، شەوێك مامم مەلای هێنا و پێشتر لەگەڵ باوکم قسەی خۆیان کردبوو کە ئەو شەوە من بۆ کوڕی مامم مارە بکەن. بەڵام من لە بەر چاوی مەلاکە قبووڵم نەکرد و هەڕەشەی خۆسووتاندنم کرد، مەلاش گوتی: ئەو مارەبڕینە گوناهە و من نایکەم، کاتێك مەلا رۆیشت باوکم و مامم هەموو قەلبیان شکاندم. باوکم دارکارییەکی کردم هەرگیز ئازارەکەی فەرامۆش ناکەم. یاسین ئەو کات تەمەنی بیست ساڵ دەبوو. قوتابی زانکۆ بوو. کە زانی چیم بەسەرهاتووە، زۆر خەمی خوارد، ئیتر دوای چوار جار خوازبێنی نائومێد بوو لەوەی کە باوکم بەو هاوسەرگیرییە رازی بێت، بۆیە رۆژێك بڕیارمان دا هەڵبین و پێکەوە بچینە ئێران. بڕیارەکەمان جێبەجێ کرد و لە غەریبی سەختی و نەهامەتی زۆرمان بینی. بەڵام زۆر بەختەوەر بووین و ئەوینەکەمان هەتا دەهات پڕ لە خۆشەویستی و وەفاداری دەبوو. دوو کوڕ و کیژێك بەرهەمی ژیانی هاوبەشمان بوو. دوای ١٥ ساڵ باوکم و ماڵی خەزوورانم ئێمەیان دۆزییەوە و وەڵامیان نارد کە لێمان خۆش دەبن، ئێمەش فریومان خوارد و وتمان با بچینەوە وڵاتی خۆمان و لە غەریبی رزگارمان بێت، گەرچی منداڵەکان هەرسێکیان بە زمانی فارسی دەرسیان خوێندبوو، بەڵام ئەوانیش بەوە دڵخۆش بوون کە دەچینەوە ناو کەسوکاری خۆمان و ئیتر ماڵ و بنەمان کۆکردەوە و هاتینەوە، بەڵام یەك هەفتەی پێنەچوو، باوکم و برایەکم هاتنە ماڵمان و لەگەڵ مێردەکەم کردیانە دەمەقاڵێ و دوای سووکایەتی پێکردنێکی زۆر لە بەرچاوی خۆم مێردەکەمیان بە دەمانچە کوشت و سەرەڕای پاڕانەوەم تەقەیان لە منیش کرد و بە نیوەگیانی لە دەستیان هەڵهاتم و چوومە کوڵان و بە هاتوهاواری من خەڵکی گەڕەك لێم کۆبوونەوە و باوك و براکەم دەرچوون و منیش بە برینداری رەوانەی نەخۆشخانە کرام. ئەو رۆژە هەر سێ منداڵەکەم لە ماڵی خەزوورم بوون، لەو کاتەوە تا ئێستا نەیانمبینیوە. ئەوە چەند ساڵە ماڵی باوکم ئەو دوژمنداریییەیان بۆ خۆیان درووست کردووە، ماڵی خەزوورانیشم منداڵەکانیان بردووە و لە سۆزی دایکایەتی بێبەشیان کردووم. خوای گەورە لە گوناه و تاوانیان خۆش نەبێت وا منیان بەم رۆژە رەشە گەیاند. خۆ ئێمە تاوانمان نەبوو. مێردەکەم هەتا مارەی نەکردم بۆ یەکجاریش دەستی منی نەگرت. نازانم ئەو کەرامەت و پاکییە بۆچی ئەشێ سزاکەی مەرگ بێت؟ ئەوە کەی ویژدانە خۆشەویستی تاوان بێت و کوشتن ببێتە تۆمەت و سوڵحی لەسەر بکەن؟»

**دوای ١٥ ساڵ باوکم و ماڵی خەزوورانم ئێمەیان دۆزییەوە و وەڵامیان نارد کە لێمان خۆش دەبن، ئێمەش فریومان خوارد و وتمان با بچینەوە وڵاتی خۆمان و لە غەریبی رزگارمان بێت**

**باوکم و برایەکم هاتنە ماڵمان و لەگەڵ مێردەکەم کردیانە دەمەقاڵێ و دوای سووکایەتی پێکردنێکی زۆر لە بەرچاوی خۆم مێردەکەمیان بە دەمانچە کوشت و سەرەڕای پاڕانەوەم تەقەیان لە منیش کرد و بە نیوەگیانی لە دەستیان هەڵهاتم و چوومە کوڵان و بە هاتوهاواری من خەڵکی گەڕەک لێم کۆبوونەوە و باوک و براکەم دەرچوون و منیش بە برینداری رەوانەی نەخۆشخانە کرام**